# وێنەی هەڵگەڕاوە لە دەقی
# ( تاویَ بێدەنگ بە .. برادەر) ی زانا ساماندا

ئارام قەرەداغی

دوای خوێندنەوەیەکی وردی ئەم دەقەو تێڕامان لەماناکانی و قوڵبونەوە لەو وێنانەی کە بەرجەستە کراون لەم دەقەدا دەگەینە ئەو دەر ئە نجامەی کەبڵێین گەلێك لەوێنەکانی ناو ئەم دەقە وێنەی هەڵگەراوەن , وێنەی هەڵگەڕاوە بەو مانایەی تەواو پێچەوانەی وێنە بەرجەستە کراوەکانن لە ناو دونیای دەرەوەی دەقدا , کەدواتر بەوردی قسە لەسەر چۆنیەتی هەڵگەڕانەوەی وێنەکان دەکەین, زانا هاتنە ناو دەقەکەی دەست پێدەکات و دەڵیَ:

باچیتر لەدەرگا نەدەین/ باحەوشەکەی منالی نەڕە نجێنین لەخۆمان/ بادڵەکەی عەشق نەشکێنین

تێڕامان لەچونە ناوەوەی ئەم دەقە دەستمان دەگرێت و دەمانباتە سەر ڕێگای وێنە هەڵگەڕاوەکان و هۆکاری هەڵگەڕانەوەی وێنەکا نمان و هۆکاری هەڵگەڕانەوەی وێنەکا نمان بۆ دەخاتە ڕو, کە ئەویش ترسە لەئایندە زانا لەم دەقەدا لەناو فەزایەکی گەورە لەترس لە ئایندەدا ڕێدەکات وە سەرئە نجامی ئەم ترسەش وای لەوێنەکان کردوە بەشێوازێکی بەرچاو هەڵگەڕێنەوە ئەوەی لای من گرنگە ئەو بارە دەرونیەیە کەنوسەر لەکاتی نوسینی دەقدا توشی شۆکی کردوە, کە هێندە ترس لەئایندەو ترس لەلەدەستدانی ڕابردو وایلێکردوە تێکەڵی بکات بە ئومێدێك کەلەهەندیَ وێنەدا زۆر بەئاشکرا بەدی دەکرێت بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو ئومێدانە هێندە لاوازن ناتوانن ئەو ترسە گەورەیە بشارنەوە کەدایپۆشیون, ئەوەی من لەم خوێندنەوەیەمدا دەمەوێت بەری بکەوم تەنها وێنە هەڵگەڕاوەکانە نەوەك تەواوی دەقەکە, زانا لەوێنەیەکدا دوای چونەناو دەقەکەی دەڵێت:

باهەتا هێزمان تێدایە/ ژەنگەسورە لەباخچە دەرکەین/با فێری خۆشەویستیبین..برادەر

لەم وێنەیەدا زانا بەتەواوی پێماندەڵێت باخی ئێمە پڕە لەژەنگە سورە پڕە لەترس لە ئازار باخی ئێمە دونیای ئێمەیە دونیای ئێمەش کالبۆتەوە لەموحیبەت بەئومێدێکی پڕلەترس پەنادەباتە بەر دەرکردنی ژەنگەسورە کەلێرەدا ژەنگەسورە مەبەستێکی جوانە کەئاماژەی پێکردوە ئەو ویچنەیەی پیَ بەرجەستەکردوە کەهەوڵدانە بۆ دەرکردنی ژەنگەسورە کە لەکاتیکدا دەزانین دەرکردنی ژەنگەسورە مەحاڵە,لێرەدا ئەو ئومێدە دەردەخات کە ئەو باس لەبونی موستەحیل دەکات,

درێژە بەوێنەکانی دەدات و دەڵێت:

باوردە شوشەی ژورەکەی ئەوین کۆبکەینەوە/ بائەوەندە سێبەربین/نەهێڵین بولبول گەرمای هاوین بێزاری بکات

لەم وێنەیەدا زانا باس لەوشکانەی ئەوین دەکات کەهێندە وردبووە تەواوی کاڵی دڵی پڕکردوە, ئەوەی دەیەوێت ئاماژەی پێبکات ئەوەیە کەتەنها تۆزێك پاشماوەکانی دڵشکان لە پێشچاو ون بکات چونکە نالێت (باشوشەی شکاوی ژورەکەی ئەوین دروستبکەینەوە), بەڵکو تەنها مەبەستی لەبیرکردنی شکانەو قەرەبوکردنەوەی ئەو هەمو دڵشکانەی بولبول هیچنابەوەی سێبەرێکی بۆبکەین و نەهێڵین هێندە بێزاربێت, کەتەواوی ئەم وێنەیە لەبنەڕەتدا ئەوەیە کەبڵێت ماڵی ئەوینی من پڕە لەشکان و سارێژبونەوەی نیەو هێندە بولبولمان لەماڵ وەدرەناوە سیچبەریشی بۆبکەین ناگەڕێتەوە.

یان لەچەند وێنەیەکی یەکبەدوای یەکدا ئەتوانین بڵێین تێکەڵەیەکی دروستکردوە لە وێنەی هەڵگەڕاوەو ناهەڵگەڕاوە وەك دەڵێت:

بائەستێرەکان بەملاولادا نە پرژێنین/نەك مانگ لێمان زویربێت

بائەوەندەسپیبین بەفربەدیتنمان بتوێتەوە/بازێدە شەقامەکانمان خۆشبوێت/ بائەوەندە بێدەنگبین
کوکوختی لەسەرشانمان هێلانەبکەن/
ئەم کۆمەڵەوێنەیە دەریدەخەن کەئێمە چەند پێچەوانەین لەگەڵ ناسکیەکاندا , چەند بەدوای لێکبچڕاندنی شیرازەکانی جوانیدا دەگەڕێین,ئێمە لەتاواندا هێندە ڕەشبوین دەبو بەبینینی بەفربتوێینەوە, درێژە بەو وێنەکان دەدات و دەڵێت ناکۆکین لەگەڵ ڕێگاکانی خۆماندا ئەو ڕێگایانەی دەمانبەنەوە بۆماڵی ئەوین, هێندە لەهاوارو جەدەلی بێماناداا دەژین کوکوختی و باڵندە بەئاسمانی ئێمەدا گوزەرناکات,
یاخود دەڵێت:
با ئەوەندەی کرماندنی قاشێك سێو/ هێندەی قرینگانەوەی ساوایەك ژیانمان خۆشبوێت
لێرەدا باس لە پێچەوانەی ئەم وێنانەدەکات کە تەواو غەرقبوین دونیا بێگوێدانە جوانیەکان لەڕێگایەکی ترو لەشوێنێکی تر خۆمان سەرقاڵکردوە بەباوەشکردن بەژیانێکدا کەهێندەی کرماندنی قاشێك سێو ناسك نیەو هێندەی قرینگاندنەوەی ساوایەك پڕ لەزەت نیە
یاخود دەڵێت:
باخۆمان فێری زمانی پەپولە بکەین
لەم وێنەیەشدا هەڵگەڕانەوەیەکی دی دەبینرێت ئەویش ئەوەیە کە زانا دەیەوێت بڵێت ئێمە زمانێك دەزانین جیاواز لەزمانی پەپولە زمانێچك کەتەنها یەکبڕین و ئازاردانی یەکتری زیاتر لەفەرهەنگەکەیدا وشەی تری هەڵنەگرتوە,
دەتوانین بەشێوازێکی گشتی دەرئەنجامی ئەم وێنە هەڵگەڕاوانە ببەینەوە سەر ئەو چرکانەی کەزانا تیایدا باری دەرونی هێندە فشاری بۆهێناوە ترس و ئومێد و وەڕستبون لەیەك کاتدا کۆبکاتەوە بە مۆسیقای ڕستەی (تاوێ بێدەنگبە..برادەر)دا ئەوە بەتەواوی دەبینین کەمۆسیقای ئەم دێرە پڕە لە برگەی داخراو هەست بە وەڕستبونێکی زۆرو هەناسە تونگبونێك دەکرێت کە بەرامبەر هێندە فشاری بۆهێناوە کە بەو برگە داخراوانەدا هەست بەو بارە دەرونیە ئاڵۆزە بکرێت کەتەواو تێکەڵبێت بە(ترس و ئومێدو وەرستبون),
وەك دەڵێت:
دەسابێدەنگبە برادەر/بێدەنگبەو پێموایە..دێڕێك لەوتنمدا هەیەو/ لێی تێناگەم
ئەم دێڕەی سەرەوە تەواو تەبایە لەگەڵ ئەو بارە دەرونیە ئاڵۆزەی کەتیایدایەو گەیاندویێتیە ئەوەی کەهێندە ترس و ئومێدو وەڕستبونی تێکەڵکردوە لەو دێڕە تێناگات و نازانی ترسە یان ئومێد یان وەڕستبون,
تادەگاتە ئەوەی لەکۆتایدا بڵێت:
شعرێك قوڵی لەقوڵمدایەو/ دورنیە بمباو/ئیدی فریای دیتنەوەیەکت نەکەوم
لێرەدا ئەو ڕۆچونە قوڵە لەناو خوددا بەدی دەکرێت و لەهەمان کاتیشدا خۆی ئەو ترسە قوڵەی ناو ناخی دەدرکێنێت و واهەست دەکات ئیدی هێندە لەناو خۆی و هەستدا ڕۆدەچێت ئاگای لەدنیای دەرەوە نامێنێت کە ئەمەش زۆر نزیکە لە بیروباوەڕی سۆفیگەری و یەکێکە لەقۆناغەکانی سۆفی گەری کە ئەکری لە نوسینێکی تردا قسەی لەسەر بکرێت.